وانەی (48)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) پێغەمبەرانی بچووك

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (میخا ٥ ، حەخەی ٢ ، زەکەریا ١٤ ، مەلاخی ٣ .)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچوونەوە بکە بۆ ئەو ئایەتانەی لەبەرت کردوون لەنامەی ڕۆما

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، بۆ ئەو ئایەتانەی لەبەرت کردوون لەنامەی ڕۆما.

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما 16: ١- 27

پێشەکی : ڕۆما ١٦ پێناسەی ئەو کەسانە دەکات کە بەشداربوونە لە خزمەتەکەی پۆڵس و ئەوانەی لە کڵێسای ڕۆما دەیانناسی .

هەنگاوی ١ : بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ١٦ : ١- ٢٧ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢ : ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما 16 : ١- 2

ئاشکراکردنی ١ : دەبێت باوەڕداران چۆن بروانێنە بابەتی بوونی ژنان لە ناوەندی ڕابەرایەتیکردنی کڵێسا .

واتەی ناوی " فیبی" لە زمانی کوردیدا بە " پرشنگ " هەروەها بە " درەخشان" یش دێت . نامەی ڕاسپاردن پێویست و گرنگ بوو کاتێ باوەڕدارێك گەشتی دەکرد لە کڵێسایەکەوە بۆ کڵێسایەکی دیکە و لەلایەن

باوەڕدارانی دیکەوە ناسراو نەبایە ، وە پۆڵس بەشانوبااڵی فیبیدا هەڵدەدات بەو پێیەی خزمەتکاری کڵێسای کەنخریا بوە پێدەچێت هەر ئەویش نامەکەی پۆڵسی بردبێت بۆ کڵێسای ڕۆما ، کەنخریا دەکەوێتە یەکێك لە کەنارەکانی شاری کۆرنسۆس ، لەو ناوچەیەدا کڵێسایەك هەبوو فیبی تیایدا خزمەتکار بوو.

أ. فیبی خزمەتکار بوو لە کڵێسا نەك شەماسە .

لەگەڵ ئەوەی وشەی وەرگێڕدراوی یۆنانی "خزمەتکار" هەمان وشەی وەرگێڕدراوە بۆ "شەماس" لە یۆنانیدا " دیاکۆنۆس" بڕوانە فیلیپی ١: ١ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ٨- ١٣ ئیدی هیچ پێویست بە بەڵگە ناکات کە فیبی خزمەتکار بوو نەك ڕابەری کڵێسا . نامەی پەترۆسی یەکەم ٤: ١٠ فێردەکات کە هەموو پیاوان وژنان خزمەت بکەن لە کڵێسای ناوخۆدا وە خزمەتی فیبی هاوشێوەی خزمەتی شەماسە بوو چونکە خزمەتی بەزەیی بوو بۆ هەژاران ونەخۆش ولێقەوماوان " ڕونکردنەوەی وەرگێڕ ، وشەی شەماس لە ڕەچەڵەکدا وشەیەکی سریانیە مەبەست لە خزمەتکارە ، لە زمانی عەرەبیدا بۆ ژن پێی دەوترێ شەماسە بۆ پیاو شەماس بەکار دەهێنن بەڵام لەکوردیدا تەنها خزمەتکار بەکار دەهێنرێت " وە خزمەتی فیبی تایبەت بوو بە خزمەتکردنی گەشتیاران (ڕێبواران) واتە خزمەتی میوانداری وە پۆڵس پێناسەی دەکات بەوەی هاوکاری ئەو و زۆرێك بوە ، دەشێ بەراورد بکرێ بەو ژنانەی کە ناویان هاتوە لە ١تیمۆساوس ٥: ٩- ١٠ ؛ کردار ١٦: ١٥ . چونکە لەکتێبی پیرۆزدا هیچ بەڵگەیەك نیە کە ژنان پلەو ئەرکی ڕابەرایەتی یان پیر یاخود شەماسیان هەبووبێت بەڵام هەندێ ژن بەهرەی خزمەتیان هەبوە ، وە دەبێت هەر ژنێك خزمەت بکات!

ب. جیاوازی نێوان خزمەتکار و شەماسە .

وشەی بەکارهاتوو لە زمانی ڕەسەندا یۆنانی واتە خزمەتکار بڕوانە نامەی ڕۆما ١٢: ٣- ٨ ؛ ١کۆرنسۆس ١٢: ٥ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠- ١١ ؛ ئەفەسۆس ٤: ١١- ١٢ ؛ ڕۆما ١٢: ٧ ؛ ١کۆرنسۆس ١٢: ٢٨ هەردوو

بەهرە ڕۆحیەکە ئاماژە ناکەن بۆ ناوەندێکی سەرەکی یان ئەرکێکی کڵێسایی بەڵکو بۆ تواناو ئەو حەزەی کە ڕۆحی پیرۆز لە مرۆڤدا دروستی دەکات بۆ خزمەت لەبواریکی دیاریکراودا .

دەبێت هەموو باوەڕدارێك لە کڵێسادا حەز بکات بەوەی خزمەت بکات ، بڕوانە کردار ٦: ١- ٧ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ٨- ١٣ ؛ فیلیپی ١: ١ .

لە ساڵەکانی ٣٠ و ٣٢ ی ز . پێویستی تایبەت و دیاریکراو لە کڵێسای ناوخۆی ئۆرشالیمدا دەرکەوتن وەکو خزمەتی بێوەژنان و هەژاران وە ئەو بێوەژنانەی بە یۆنانی دەدوان گۆشەگیرکرابوون بەهۆیەکی نادیار ، بۆیە کڵێسا حەوت پیاوی دەستنیشان کرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە دیاریکراوەو دابین کردنی پێویستیەکانیان . وە دوای ماوەیەکی کورت فیلیپۆس بە شەماس نەمایەوەو بەڵکو بوە خزمەتکاری مزگێنیدان بە ئینجیل لە سامیرە وە لە ماوەی ٦٠ – ٦١ ز . ناو و پلەی شەماس نەهاتوە لە کتێبی پیرۆزدا جگە لە هەردوو کڵێسای ناوخۆیی ئەوانیش کڵێساکەی فیبی و ئەفەسۆس فیلیپی ١: ١ ؛ ١تیمساوس ٣: ٨- ١٣ . وە ڕوون بوو ئەوان هەمان ئەرکی پیرانیان بەڕێوە نەدەبرد . "ڕونکردنوەی وەرگێڕ ، شەماس ئەرکی سەرپەرشتی سروده ڕۆحیەکان و ڕێکخستنی کۆبونەوەکان و هەندێ خزمەتی دیکەی لەخۆ دەگرت و لە کۆندا پیاوان لە کڵێسادا ئەو ناو و پلەیان پێدەدرا و دەستنیشان دەکران بۆ ئەو خزمەتە " .

ج. ئایا شەماسە هەبوون لە کڵێسای مەسیحیەتدا ؟

نامەی ڕۆما ١٦: ١ شێوازی نێرینە بەکاردەهێنێت بۆ وشەی دیاکۆنۆس بەڵام کتێبی پیرۆز ئاماژە ناکات بۆ هیچ شوێنێک لەو ناوەندی خزمەتەدا بۆ ژنان ، ژنان پلەو ناوەند وئەرکی پیرانیان نەبوو هەروەها ئەرکی شەماسیان نەبوو ، ١تیمۆساوس ٣: ١١ ؛ ١تیمۆساوس ٥: ٣- ١٦ هەروەها بڕوانە وشە یۆنانیەکان وەکو گونایکاس هۆساوتۆس ؛ تاس دی دیاکۆنۆس ؛ هەروەها ئامژەش ناکات بۆ ژنانی شەماس وەکو گونایکاس ئەوتۆ یان گونایکاس ئیخۆنتەس .

د. ئەوەی تایبەتە بە خزمەتی ژنان لە کڵێسای مەسیحیەتدا .

لەگەڵ ئەوەی نامەی گەڵاتیە ٣: ٢٨ فێرمان دەکات نێرو مێ ڕۆڵەی خودان وەکو یەك لە ڕێگەی عیسای مەسیح . ئیدی پەیدابوون ١- ٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١١ – ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٥ ؛ کۆلۆسی ٣ ؛ ١تیمۆساوس ٢، ٣ ، ٤ ؛ تیتۆس ٢ ؛ ١پەترۆس ٣ ، فێرمان دەکات کە پلانی خودا و ڕیزبەندیەکانی و ڕێکخستنەکانی بۆ ڕۆڵی نێرومێ دوای بەدیهێنان و دوای دروستبونەوەیان لە عیسای مەسیحدا بەدڵنیاییەوە جیاوازن ، لەگەڵ ئەوەی ژن وپیاو هەمان نرخیان هەیە لەبەرچاوی خودا بەڵام خودا ئەرک و ڕۆڵی جیاوازی دیاری کردوە بۆ نێرومێ لە پەیوەندی هاوسەرگیری و کڵێسادا .

ڕۆما ١٦: ٥

ئاشکراکردنی ٢: چۆنیەتی کۆبونەوەی کڵێسا پێکەوە لە ڕۆما .

هەموو ئەو بەڵگانەی هاتوون لە ڕۆما ١٦دا ئاماژەن بۆ کڵێساکانی نێو ماڵەکان ئەو کڵێسایانەی نێو ماڵەکان لە ڕۆمادا کۆدەبونەوە لە چەند ماڵێك وە بەپێی ڕۆما ١٦: ٥ ماڵی بریسکەلا وئەکیلا کڵێسا بوو ١کۆرنسۆس ١٦: ١٩ ؛ کۆلۆسی ٤: ١٥ ؛ فیلمۆن ٢ . دەبێت لەوە تێبگەین کە کڵێسای نێو ماڵ کورت ناکرێتەوە لە خێزان و ئەندامانی خێزانی ماڵەکە ، کردار ١٠: ٢ ؛ ١١: ١٤ ؛ ١٦: ١٥ ، ٣١ ؛ ١٨: ٨ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ١٦ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ٤ ؛ ٥: ١٣ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ١٦ . بەڵکو چەندین خێزانیان پێکدەهێناو پێکەوە چالاکیە جیاوازەکانی کڵێسایان ئەنجام دەدا لە ماڵی بریسکەلاو ئەکیلا . وە لە ڕاستیدا ناوی کڵێساکەیان بەشێوەیەکی تایبەت هاتوە دەردەکەوێت ئەوان تەنها کڵێسا نەبوونە لە ڕۆمادا لەسەروو ئەمەشەوە ڕۆما ١٦: ١٤ دەڵێت ، سڵاو بکەن لە خوشکان وبرایان ئەوانەی لەگەڵیانن وە ڕۆما ١٦: ١٥ دەڵێت سڵاو بکەن لەهەموو پیرۆزەکان ئەوانەی لەگەڵیانن ، پێدەچێت ئاماژە بن بۆ ئەندامانی دوو کڵێسای دیکەی نێو ماڵەکان لە ڕۆمادا ، ئەو کڵێسایانە گرێدراون بەو کەسانەوە کە ناویان هاتوە لە ئایەتەکاندا ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چەندین کڵێسای نێو ماڵ هەبوونە لە ڕۆمادا .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ١٦: ١- 27 تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 16: 7

<u>پرسیاری ١ : ئایا ئەندرۆنیکۆس و یۆنیاس نێردراو بوون ؟</u>

تێبینیەکان .

بەو پێیەی خزم بوون .

ڕەنگە ئەندرۆنیکۆس و یۆنیاس خزمی پۆڵسی نێردراو بووبن بڕوانە لۆقا ١: ٣٦ ؛ یۆحەنا ١٨: ٢٦ . هەروەها لە هاونیشتمانی بووبن ڕۆما ٩: ٣ ؛ ١٦: ٧، ١١ ، ٢١ . پێویست ناکات وا بیر بکرێتەوە کە ناوی یۆنیاس لە یۆنانیدا ناوێکی ژنانەیە یان ئاماژە بێت بۆ ناوی ژنان بڕوانە یولیا بە لاتینی یاخود جولیا لە ڕۆما ١٦: ١٥ وە مەتا ١٦: ١٤ بۆ هەردوو ناوی

ئیلیا و یەرمیا کە هەمان شێوەن لە کۆتاییەکانیاندا ، وە ئەندرۆنیکۆس ویۆنیاس جارێکیان هاوەڵی پۆڵس بوون لە زیندان .

ب. بەوپێیەی نێردراو بوون .

ئەم دوو پیاوە بەناوبانگ بوون لە نێوان نێردراوەکاندا . واتە ئەم دەستەواژەیە پێمان دەڵێت پێگەیەکی مەزنیان هەبوە لە نێو نێردراوەکاندا ، وە واتە ئەوان سەر بە ئەو کۆمەڵەیە بوون کە ناودەبران بە نێردراو ، وشەی نێردراو واتە مرۆڤێك پەیامێک بگەیەنێ یان ئەرکێك . وە دەکرێت ئەم گوزارشە بەکاربێت لە ڕۆما ١٦: ٧ بەیەکێك لەم شێوازانە : بەناوبانگ بوون لە نێو نێردراوەکانی مەسیح یان بەناوبانگ بوون لە نێو نێردراوەکانی کڵێساکان .

<u>نێردراوی مەسیح</u> ، مەرقۆس ٣: ١٤- ١٥ ؛ ١کۆرنسۆس ٩: ١ وشەی نێردراو ئاماژەیە بۆ واتایەکی بەرتەسک تەنها بۆ قوتابیەکانی عیسای مەسیح و پۆلسی نێردراو ئیدی بەم شێوەیە ، چونکە ئەوان لەپێش پۆڵسی نێردراوەوە باوەڕیان هێنابوو ئیدی بە پێی ڕۆما ١٦: ٧ پێگەیەکی تایبەتیان هەبوو لە نێوان نێردراوان پەترۆس ویۆحەناو ئەوانی دیکە.

<u>نێردراوانی کڵیسا</u> ، کردار ١٤: ١٤ ؛ فیلیپی ٢: ٢٥ وشەی نێردراو بەواتای فراوان ئاماژەیە بۆ ئەوانەی دەنێردرێن ئاماژەیە بح کۆمەڵێك لە خەڵکی وەکو بەرناباو ئەپفرۆدتس و ئەپۆلۆس و سلوانس وتیمۆساوس ، ئەوان مزگێنی ئنیجیلیان ڕادەگەیاند ، وە دەکرێت پێناسە بکرێن بە کەسانی نێردراو لە کڵێساکان ، وە بۆ ئەمڕۆ دەشێ ناویان ببرێت بە نێردراوانی کڵێساکان ، ڕەنگە ئەندرۆنیکۆس و یۆنیاس نێردراوانی کڵێسا بووبن ئیدی لە ڕۆما ١٦: ٧ ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی لە نێو نێردراواندا پێگەیەکی تایبەتیان هەبوو .

ڕۆما ١٦: ١٠

پرسیاری ٢: واتای ئەوە چیە مرۆڤ بیسەلمێنێ کە دڵسۆزە یان پاکە لە تاقیگەی خودا ؟

تێبینیەکان .

أ. پاك لەلایەنی سەختی وناڕەحەتیەکان .

باوەڕدار پێویستە تاقی بکرێتەوە لەلایەنی سەختی و ناڕەحەتیەکانی ژیان. ئەپۆلۆس لە ڕۆما ١٦: ١٠ بەوە پێناسە دەکرێت کە ئەو تاقیکراوەتەوەو پاکە لە مەسیحدا – سەلماندویەتی کە سەرکەوتوە لە تاقیکردنەوەکەیدا ، کەی باوەڕدار تاقی دەکرێتەوە و پاك دەبێت ؟ خودا بەشێوەیەکی تایبەت ناڕەحەتی و سەختی و ئەزمون و ئازارەکان بەکار دەهێنێت بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕدار و گەشەی ژیانیان وکەسێتی مەسیحیان بڕوانە ڕۆما ٥: ٣- ٤ ؛ یاقوب ١: ٢- ٤ .

ب. پاك لە لایەنی هەڵسوکەوت .

باوەڕدار پێویستی بەوەیە تاقیبکرێتەوە لە خوداوە لە لایەنی هەڵسوکەتی کۆمەڵاتی مەسیحیدا ، ١کۆرنسۆس ١١: ١٩- ٢٢ .

ج. پاك لەلایەنی ڕێکوپێکی لە ڕاهێنان و ڕۆحیدا . ١کۆرنسۆس ٩: ٢٤- ٢٧ .

د. پاك و لەخواترس لەلایەنی ڕاڤەی کتێبی پیرۆز .

باوەڕدار پێویستی بەوەیە تاقی بکرێتەوە و پاکی خۆی بسەلمێنێ لەلای خودا لەلایەنی ڕاڤەی کتێبی پیرۆز . ٢تیمۆساوس ٢: ١٥ پۆڵسی نێردراو هانی تیمۆساوس دەدات و دەڵێت "کۆشش بکە خۆت بسەلمێنی بۆ خودا، کارگەرێکی بێ شەرمەزاری، وشەی ڕاستی بە ڕێگای ڕاست لێك بدەیتەوە " هەموو ڕابەڕێکی کڵێسا لەسەریەتی ئەوە بکات کە تیمۆساوسی پێ ڕاسپێردرا دەبێت کۆشش بکەن و خۆیان بسەلمێنن بۆ خودا لەمامەڵەکردنیان لەبەرامبەر ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز بەشێوەیەکی دروست .

هـ . (بێ خەوش) پاك و لەخواترس بێت لەلایەنی خزمەتی مەسیح .

باوەڕدار پێویستی بەوەیە خۆی بسەلمێنێ بۆخودا و پاك وبێگەردو لەخواترس بێت لەلایەنی خزمەتەوە . بڕوانە ٢كۆرنسۆس ١٠: ١٢- ١٨.

ڕۆما ١٦: ١٦

پرسیاری ٣: دەبێت چۆن ڕاڤەی ماچی پیرۆزی باوەڕدارانە بكەین ؟

تێبینیەكان .

ڕۆما ١٦: ١٦ دەڵێت " بە ماچی پیرۆز سڵاو لە یەكتری بكەن " دەستەواژەی ماچی پیرۆز وەرگێڕانی دوو وشەی یۆنانی یە " فیلەماتی هاگیۆ " دەردەكەوێت كە لەپەیمانی نوێدا باوەڕداران وەك باو بوە بە یەكترماچ كردن سڵاویان لەیەكتری كردوە .

أ. ماچ گوزارش بوو لە سۆز وخۆشەویستی .

بەپێی لۆقا ٧: ٣٦- ٥٠ (ئایەتی ٤٥) كاتێ شیمۆنی فەریسی عیسای داوەت كرد بۆ نانخواردن لەماڵەكەیدا عیسای ماچ نەكرد بەپێی نەریتی ئەو ڕۆژگارە . بەڵام ژنە گوناهبارەكە ڕانەوەستا لە ماچ كردنی پێیەكانی عیسا ! ئەم بەشە دەریدەخات كە گوزارشە لە سۆزداریی ، لەسەردەمی عیسادا ماچ گوزارش بوو لە سۆزداری و خۆشەویستی ، لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا باوەڕداران لە زۆرێك لە وڵاتاندا دەژین و كلتوری جیاواز وهەمەجۆریان هەیە بۆیە باشترە باوەڕداران بۆخۆیان بڕیار بدەن كام شێوازە گونجاوە بۆ گوزارش كردن لە سۆز و خۆشەویستی ئیدی باوەش پێداكردن بێت یان ماچ كردن یاخود تەوقەكردن .

ب. دەبێت ماچ گوزارشێكی ڕاستگۆیانە بێت لە سۆز و خۆشەویستی .

بەپێی لۆقا ٢٢: ٤٧- ٤٨ یەهوزا ناپاكی كرد لەگەڵ عیساو دایە دەستی دوژمنەكانی بە ماچ كردن ، ماچەكەی یەهوزا ناپاكانە بوو ، بۆیە دەبێت باوەڕدارا لەو شێوە ماچانە نەكات وەكو ماچەكەی یەهوزای ناپاك ، بۆیە ماچی باوەڕدار دەبێت بێ خەوش و پاك وڕاستگۆیانە بێت .

ج. دەبێت ماچ گوزارشێكی پیرۆز بێت لە سۆزو خۆشەویستی.

بەپێی ڕۆما ١٦: ١٦ ؛ ١كۆرنسۆس ١٣: ١٢ پۆڵس هانی باوەڕداران دەدات كە سڵاو لەیەكتری بكەن بە ماچی پیرۆز . وشەی پیرۆز واتە جیابۆتەوە لە خراپە و خۆی تەرخان كردوە بۆ خودا بۆیە ماچی پیرۆز ئاماژە دەكات بۆ سێ لایەن كە پێكەوە گرێدراون : دوو كەس كە یەكتری ماچ دەكەن وە خودا ئەوەی دەیانبینێ و هەموو شتێك دەزانێت ! .

د. دەبێت ماچ گوزارشێكی گشتی بێت لە سۆزو خۆشەویستی .

بەپێی ١ساڵونیكی ٥: ٢٦ دەبێت ماچ بۆ هەموو ئەندامان و تاكەكانی خێزانی كڵێسا بێت ، دەبێت باوەڕداران خۆیان بپارێزن لەوەی سۆزو خۆشەویستیان تەنها بۆ هەندێك هەبێت و بۆ ئەوانەی دیكە نەبێت بەهەر هۆكارێك بێت ! دەبێت ماچی پیرۆز بۆ هەموو باوەڕدارێك بێت بەبێ جیاوازی .

هـ . دەبێت ماچ گوزارشێكی خۆشەویستانە بێت لە خۆشەویستی و سۆز.

بەپێی ١پەترۆس ٥: ١٤ دەبێت باوەڕداران سڵاو لەیەكتر بكەن و ماچی یەكتر بكەن بە ماچی خۆشەویستی ئەم بەشە گوزارشە لە بەرپرسیارێتی باوەڕداران كە یەكتریان خۆش بوێت بە خۆشەویستی مەسیح ، چونكە ماچ وەكو پەیوەست بوونێكە بە خۆشەویستی باوەڕدارانە بۆ یەكتر وەك چۆن كەسیح خۆشی ویستن یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥ ؛ ١كۆرنسۆس ١٣: ٤- ٨ .

و. مێژووی ماچ ی مەسیحیەت .

بەڵگە هەیە لەبارەی پەیڕەوكردنی ماچی پیرۆز لە كڵێسای ڕۆژئاوا بەردەوام بووە تا سەدەی سیازدەهەم . تا ئێستاش ئەم پەیڕەوكردنە بەردەوامە لە كڵێسای ڕۆژهەڵاتیدا ! لە هەندێ كلتوردا بەیەككەیشتنی هەردوو ڕەگەز دەبێت بەپێی كۆمەڵێ یاسا بێت و لەهەندێ كلتوردا ئاسان نیە و توندترە . ئیدی بەم شێوەیە دەشێ پەیڕەوكردنی دروست بۆ ماچی مەسیحی بەپێی وڵاتان و كلتورە جیاوازەكان بڕیاری لەسەر بدەن كام شیوازەیان گونجاوە لە دەربڕینی سۆزو خۆشەویستیان بۆ یەكتری.

ڕۆما ١٦: ١٧- ١٨

پرسیاری ٤: دەبێت چۆن باوەڕدار مامەڵە بکات لەگەڵ مامۆستایانی درۆزن ؟

تێبینیەکان .

پۆڵسی نێردراو لە ڕۆما ١٦: ١٧- ١٨ دا دەڵێت "ئەی خوشك و برایان، لێتان دەپاڕێمەوە، ئاگاتان لەوانە بێت کە ناکۆکی و کۆسپ دەنێنەوە، بە پێچەوانەی ئەو فێرکردنەی فێری بوون .لێیان دوور بکەونەوە. ئەو کەسانەی بەم شێوەیەن خزمەتی مەسیحی گەورەمان ناکەن، بەڵکو خزمەتی سکی خۆیان دەکەن، بە قسەی خۆش و زمانلووسی دڵی ساکارەکان هەڵدەخەڵەتێنن. "

أ. مامۆستایانی درۆزن و شێوازەکانیان .

ئاماژە ناکات بۆ هیچ شوێنێك کە ئەوانە ئەندامی کڵێسا بوون لە ڕۆما ، چونکە پۆڵسی نێردراو بەشانوبااڵی باوەڕداران هەڵدەدات و باسی گوێڕایەڵی و ملکەچیان دەکات بۆ عیسای مەسیح لە ڕۆما ١٦: ٩ دا . بۆیە پێدەچێت ئەوانە کەسانێکی دەرەوەی کڵێسا بووبن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا لەو جۆرە مامۆستا درۆزنانە هەن کە تەنها بۆ تێرکردنی سکی خۆیان هەوڵ دەدەن و بەرهەڵستی فێرکردنە ڕاستەقینەکانی نێردراوانی مەسیح دەکەن .

ب. باوەڕداران دەبێت چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ مامۆستایانی درۆزن و ئەوانەی فێرکردنی هەڵە بااڵودەکەنەوە .

پۆڵس نااڵێت دەبێت باوەڕداران بەرهەڵستی ئەو مامۆستا درۆزنانە بکەن ، لەبەرئەوەی ڕەنگە توانای ئەوان لە توانای ئەندامانی سادەی کڵێسا زۆرتربێت بۆیە پێیان دەڵێت و هۆشداریان دەداتێ کە ئاگادار بن لێیان هەمیشە و هەموو کاتێك وە تێبینی و سەرنجیان هەبێت لەسەریان و خۆیان لەوانە لابدەن ! ٢یۆحەنا ١٠- ١١ .

ڕۆما ١٦: ٢٥- ٢٦

پرسیاری ٥: نهێنیەکە کامەیە ؟

تێبینیەکان .

أ. نهێنی شاراوە .

ئەو نهێنیە بە شاراوەیی ماوەتەوە تا خودا ئاشکرای کردو ڕایگەیاند ، ئەفەسۆس ٣: ٢- ٦ ؛ کۆلۆسی ١: ٢٥- ٢٧ ؛ مەتا ١١: ١٢ ؛ ٢٤: ١٤ ؛ وتەکان ٧: ٦- ١٠ ؛ گەڵاتیە ٣: ٢٨ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ .

ب. ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی نهێنیەکە .

لەگەڵ ئەوەی ئەم نهێنیە لە بەشەکانی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆندا بەڵێنی پێدراوە ڕۆما ١: ٢ ؛ ١٦: ٢٦ بەڵام بەنهێنی و شاراوەیی مایەوە لە سەردەمانێکی درێژی ڕابردوودا ڕۆما ١٦: ٢٥ . وە لەگەڵ ئەوەی پلانی جاویدانی خودا بۆ ڕزگاریی ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی دەگرتە خۆ لە هەموو نەتوەکانی جیهان پەیدابوون ١٢: ٣ ؛ ٢٢: ١٨ ئیدی ماوەی هاتنە دی ئەم پلانە نەهات ئێستا نەبێت واتە لە هاتنی یەکەمی عیسای مەسیحدا ، بەهاتنی عیسای مەسیح سەردەمی پەیمکانی نوێ دەستی پێکرد ئیدی خەڵکی لە هەموو نەتوەکانی زەوی باوەڕ دەهێنن بە عیسای مەسیح و ملکەچ وگوێڕایەڵی دەبن ڕۆما ١٦: ٢٦ وە دێنە نێو شانشینی خوداوە مەتا ٨: ١٢ ؛ هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٦: ٢٧ ! .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن

بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ١6: ١- ٢٧ .
بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟
بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ١6: ١- ٢٧ .

١6: ١ : نامەی ڕاسپاردن بنێرە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کە نوێنەری کڵێساکەتە .

١٦: ٢ : هاوکاری پێشکەش بەو باوەڕدارانە بکە گەشت دەکەن و پێویستیانە بۆ گەشتەکەیان .

١٦: ٣ : ببە هاوبەشی خزمەت وکاری باوەڕدارنی دیکە لەبری ئەوەی سەربەخۆ بیت و جودا بێت لەوانی تر .

١٦ : ٥ : ماڵەکەت بکە بە کڵێسایەکی نێو ماڵان .

١٦ : ٧ : ئەو باوەڕدارنەت لەیاد بێت کە بەندکراون (عیبرانیەکان ١٣: ٣) وە نوێژ بکە لەپێناویاندا (کردار ١٢: ٥) .

١٦ : ١٠ : پێشوازی لەو ڕاستیە بکە کە خودا تاقیت دەکاتەوە بە ناڕەحەتی و ناخۆشی تا پاک و بێگەرد وبێ خەوشت بکات .

١٦ : ١٦ : بگەڕێ بەدوای ئەو شێوازەدا کە خۆشەویستی و سۆزت بۆ باوەڕدارانی پێ دەردەخەیت ، بەشێوەیەک گونجاو بێت و پێشوازی لێ بکرێت لە کلتورەکەتدا .

١٦ : ١٧ : ئاگادار بەو بزانە کێن مامۆستایانی درۆزن و پێشوازیان لێ مەکە لە ماڵەکەتدا .

١٦ : ١٩ : بێتاوان وسادە بە لەوەی خراپە ، بۆیە بینەری پرۆگرام یان فیلمە خراپەکانی تەلەفزیۆن مەبە و کتێب و گۆڤاری خراپ مەخوێنەوە و چاوەکانت دوور بخەوە و گوێیەکانت دوور بخەوە لە هەموو ئەوانەی سادەیی و پاکیت لێ زەوت دەکات و توشی خراپەت دەکات .

١٦ : ٢٠ : لەگەڵ ئەوەی شەیتان بەزیوە مەتا ١٢: ٢٨- ٢٩ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣١ بەلام تا ئێستاش هێزێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی خراپەکاری بڕوانە ١پەترۆس ٥: ٨ بۆیە بەرهەڵستی بکە بە بەردەوامی و بێ ڕاوەستان ١پەترۆس ٥: ٩ ؛ یاقوب ٤: ٧ لەهاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیحدا شەیتان فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە بۆ تاهەتایی ٢سالنیکی ٢: ٨ ؛ ئاشکراکردن ٢٠: ١٠ .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ ماڵەکەم بکەم بە شوێنی کۆبونەوەی باوەڕداران .

ب. دەمەوێ فێر بمک چۆن سۆزو خۆشەویستیم بە ڕاستی دەربخەم بۆ خوشکو برایانم بە شێوەی گونجاو دروست .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ١٦: ١- 27 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆژە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) **بۆ وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جارِی موژدەی شانشینیی .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ١٦: ١- ٢٧.

٣- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و تێبینیەکانت سەبارەت بەم ئەرک و وانەیە .

بەردەوام بە لە گەشە کردن

١. کاتی خەڵوەت .

بەردەوام کاتت هەبێت بۆ بەشداری کردنی کەسێتی لەگەڵ عیسای مەسیح (کاتی خەڵوەت) پرۆگرامی (باشترین ڕاستی) بەکار بهێنە بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی یەکەم پاشکۆی ١ . یەکێك لە شێوازە باشەکان بەکارهێنانی پرۆگرامی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزە بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی یەکەم پاشکۆی ٢ . بەردەوام بە لە نوسینەوەی تێبینیەکانت لەکاتی خەڵوەتدا .

٢. لەبەرکردنی ئایەتەکان .

بەردەوام بە لە هەڵبژاردنی ئایەتی نوێ لە کتێبی پیرۆزدا بۆ لەبەرکردن ئەوەی وەری دەگریت لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەتدا لە کتێبی پیرۆز ، ئەو ئایەتانە لەبەر بکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك گرنگە بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی یەکەم پاشکۆی ٥ . بەردەوام پێداچونەوە بکە بۆ دواین پێنج ئایەتی ڕۆژانە .

٣. لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز .

بەردەوام بە لە لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز ، بەشێك هەڵبژێرە لە کتێبی پیرۆزدا و پشت ببەستە بە پرۆگرامی پێن جهەناگوەکەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز ، کاتێ دەست دەکەیت بە لێکۆڵینەوە ، ئامۆژگاریت دەکەم بەشێکی پەیمانی نوێ هەڵبژێرە پێش ئەوەی بەشێك لە پەیمانی کۆن هەڵبژێریت چونکە دەبێت ڕاڤەی پەیمانی کۆن بکرێت لە ژێر ڕۆشنایی ڕاگەیاندنی پەیمانی نوێدا .

٤. نوێژ .

بەردەوام بە لە نوێژ کردن لەپێناوی کەسێک یان شتێکدا هەموو هەفتەیەك ئیدی ببینە خودا چی دەکات زەبور ٥: ٣ .

٥. بەشداریکردنی باوەڕداران .

بەردەوام بە لە کۆبونەوە لەگەڵ باوەڕدارانی تر لە کڵێسادا (ئیدی لە نێو کۆمەڵە یان کڵێسای ماڵان یاخود کۆبونەوەی کڵێسای گەورە بێت).

٦. بەروبوم .

بەردەوام بە لە بەروبومی زۆرو بەردەوام یۆحەنا ١٥: ٥ ، ٨ ، ١٦ ، ببە بە شایەت بۆ عیسای مەسیح بڕوانە مەتا ١٠: ٣٢ ؛ ١پەترۆس ٣: ١٥-١٦ . جارِی موژدەی ئینجیل بدە بە جۆرەها و شێوازی جیاواز ، کۆشش بکە کاریگەریت هەبێت لەسەر چواردەورەکەت تا زیاتر نزیک ببنەوە لە عیسای مەسیح .

٧. بە قوتابی بوون .

بەردەوام بە لەشوێنکەوتنی عیسای مەسیح لێوەی فێر بەو گوێڕایەڵ و ملکەچی وشەکانی بە بروانە مەتا ٧: ٢٤- ٢٧ .

کۆمەڵەی نوێ دامەزرێنە

کاتێ ئەم لێکۆڵینەوەو ڕاهێنانە تەواو دەکەیت لەگەڵ کۆمەڵەی باوەڕداران دوو شت بکە :

١. هەوڵ بدە ئەوانی تر لەگەڵ کۆمەڵەیەکی نوێ دەست پێبکەن.

هانی کۆمەڵەی باوەڕداران بدە ئەوانی ڕهێنانت پێکردوون لەگەڵ کۆمەڵەیەکی نوێدا دەست پێبکەن ئەو باوەڕدارە نوێیانەی دەیانەوێ لەڕووی ڕۆحیەوە گەشە بکەن ، هانیان بدە ئەم لێکۆڵینەوەیە یان بەشێکی ئەم ڕاهێنانە بەکار بهێنن لەگەڵ باوەڕدارە نوێیەکاندا .

٢. تۆش هەروەها لەگەڵ کۆمەڵەیەکی نوێدا دەست پێبکە .

بە ڕۆحی نوێژەوە کۆمەڵەیەکی نوێ دەس پێبکەو لە گەنجان و لاوانی باوەڕدار بۆ ڕاهێنانیان ، وە ئەم لێکۆڵینەوەیە یان بەشێکی بەکار بهێنە ، لێکۆڵینەوەکە پێکهاتوە لە سێ بەش وەك ئەمانەی خوارەوە : * بڕۆ و بەقوتابی کردن ئەنجام بدە ٤٨ وانەیە لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ١- ن٤ تایبەت بە بەقوتابی بوون . * بڕۆ و کڵێسای مەسیح دامەزرێنە ٥٨ وانەیە